www.kurdistannet.org
15-11-2005 13:27 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# تالان ... شێروان بێدڵ



دەردێکی کوشندەیە
چارەی نی یە هەژاری
زۆر کەسی خاوەن فەرمان
پارەی بەسەر دەباری
کەس ناوێرێ پێی بڵێ
چۆن دابینت کردوە؟!
گەلی هەژارت دەمرێ و
گیرفانت پڕ کردوە
ئەی (بێدڵێ) بەد چیهرە
نەفرەت بکە لەژینت

دەردی هەژاری سەختەو
چارەی نی یە برینت
تا فەرمان ڕەوات جاش بێ
تا حوکمی گەل لەپاش بێ
تا ئاغای چاوچنۆکت
هەر ئەو خاوەن باراش بێ
بێشك نالەی هەژاران
هەردەم ڕاتدەهەژێنێ
ووشەی ڕاستیت فەرمانەو
جگەرت دەسووتێنێ
زۆر چاوچنۆکە چینی سەرکورسی
دەڵێ لای ئێمە نەماوە برسی
هەر بۆ چینێکە پارەو دراوم
لەهەمو لایێ وادەکەن ڕاوم
دەڵێن وانی یە گێرە شێوێنی
تۆ ڕاستی ناڵێی خۆت دەدۆڕێنی
گوێت بۆ ناگرێ حاکم و وەزیر
دیسان جەرگی تۆ لێی دەدرێ بەشیر
خەڵکی کەرکوکە چینی هەژارە
چینی مشەخۆر زۆر تاوانبارە
گەرزیاتریش ڕەشکەن پێنووسم
لە غەیری ڕاستی چیتر نانوسم
حاکم بە ڕەخنەی من زۆر دڵگیرە
نەخوێندەواربوو ئێستا وەزیرە
دەبێ لە ئاغا هەردەم بگری ڕێز

دەتکاتە شەڕاب بۆ شوشەی سەرمێز
ئاخ گەلی برسیم گەلی هەژارم
تاتۆ برسیبی منیش دەغارم
بانقێ نەماوە کەپڕی نەکەن
ئیشێ نەماوە داگیری نەکەن
هەندێ بۆ پارە دەمرێ وویژدانی
هەتاکو دەمرێ چیڕە ددانی
چینێکیش هەیەچینی کوس کێشی
هیچ ڕاستی نالێ ڕوحی بکێشی
کاروانی پاکی دەڕوا بۆ دواوە
بەروبومی گەل هەمووی دزراوە
بەڵێ پێشێلە مافی هەزاران
دەپیوینەوە بە ڕووبەی جاران
تەنها بۆ وانە پارەو زەوی و زار
با گەلی برسیش بخوا ژەهری مار
گەر تەنها بەخۆڵ چاویان تێربێ
کۆشك و سەرایان دەبێ پڕ زێڕبێ